# ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی پەروەردەیی و هۆشیاری لە شیعرەکانی ( میرزا مەنگوڕ ) دا

د. صافیە محەمەد ئەحمەد
زانکۆی ڕا پەڕین
فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی کوردی

م.ی. ئەڤین ئاسۆس حەمە
پەروەردەی ڕانیە

**پێڕست:**

- پێشەکی
- تەوەری یەکەم: ئەرکی ئەدەب
- ئەرکی شیعر
- ئەرك لە شیعرەکانی میرزا مەنگوڕیدا
- تەوەری دووەم: ڕەهەندی پەروەردەیی و جۆرەکانی هۆشیاری لە شیعرەکانی میرزا مەنگوڕیدا
- ئەنجام
- سەرچاوە
- کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی
- کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی

**پێشەکی:**

ئەدەب بە هەموو ژانر و پێکهاتەکانییەوە(شیعر و پەخشان) جگە لەو بەها ئیستاتیکییانەی لە ڕووی ڕوخسار و ئەو شێوە هونەرییەی هەیەتی، لە دیوی ناوەوەشی خاوەن تایبەتمەندی دیاریکراوە و زۆربەی جاریش زیاتر لە کۆمەڵێك بەها و ئەرکی هەمەجۆری لە خۆگرتووە، ئەم ئەرکانەی ئەدەب جێگیر و چەسپاو نین، بەڵکو بە پێی خودی نووسەر و سەردەم و قۆناغ و ڕێبازی ئەدەبی و کاریگەرییە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن؛ بۆیە ڕەهەند و سیما و ئەدگارەکانیشی بە پێی هەر یەك لەم لایەن و فاکتەرانە جیاوازە؛ لەبەرئەوەشە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە هەروەها لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر و لە نوسەرێك بۆ نوسەرێکی تر جیاوازی هەیە.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(میرزا مەنگوڕی)وەك شاعیرێكی كوردی دەڤەری پشدەر و بیتوێن لە بەشێكی زۆری بەرهەمە شیعرەكانیدا ڕەهەندی پەروەردەیی و هۆشیاری بەدی دەكرێت و هەوڵیداوە ئەدەب - شیعر- بەتایبەتی بكاتە سەرچاوەی شیاندنی بیرو باوەڕە فەلسەفی و سیاسی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەكانی و وەك چرایەك بەردەمی نەوەی نوێ ڕووناك كاتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لەم گۆشەنیگایەوە لە شیعرەكانی(میرزا مەنگوڕی) ڕوانیوە و ئەم لایەنەی كردۆتە ئامانجی سەرەكی خۆی؛ لەسەر بنەمایەكی زانستی دارێژراوە و دابەش كراوەتە سەر دوو بەشی سەرەكی، لە بەشی یەكەمدا زۆر بە كورتی و پوختی تیشكمان خستۆتە سەر ئەركی ئەدەب و شیعر بە گشتی و ئەركی شیعر لە ئەدەبی كوردی و لای (میرزا مەنگوڕی) بە تایبەتی.

بەشی دووەمی توێژینەوەكەشمان پراكتیكییە و بە نموونەی شیعری ڕەهەندی پەروەردەیی و جۆرەكانی هۆشیاری و لە شیعرەكانی شاعیردا خراونەتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا كتێبی(دەستوری ژیان) بە هەردوو بەرگەكەی و (گەشتی ئەستێرەی مەریخ)مان وەرگرتووە؛ چونكە بەرهەمەشیعرەكانی تری ناچنە ناو چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەكەمان. لە كۆتایشدا ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو، كە لە توێژینەوەكە پێیگەیشتووین، لەگەڵ خستنەڕووی پوختەی توێژینەوەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، بێگومان هیچ توێژینەوەیەكیش لە كەم و كورتی بەدەر نیە.

**بەشی یەكەم: ئەدەب و ئەرك:**

تێكڕای بەهرە ئەدەبییەكان دەگەڕێنەوە بۆ توانای نووسین ، ئەمەش بەهەر جۆرێك لە جۆرەكان بێت ، كە لە بنچینەدا یەكن، بەڵام ئەوەی شوناسی ئەم جۆرانە دیاری دەكات دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی مرۆڤ و ئەو قۆناغ و ژینگە و ئەزموونانەی پێیدا تێپەڕ دەبێت. ئەدەب بەهەردوو جۆرەكەیەوە (شیعر – پەخشان ) بەرهەمی بیری مرۆڤە ، ئەم بەرهەمەش زادەی بیركردنەوە و هەست و سۆز و هەڵچوون و ئەندێشەی فراوانی نووسەرەكەیەتی و هەمووشیان پێكەوە بەشدارن لە شێوە و پێكهاتەی دەقێكی ئەدەبی دا ، بەواتایەكی تر دەتوانین بڵێین: (( هەموو كردەیەكی ئەدەبی پێك دێت لە ناوەرۆك و فۆرمی دەرەوە، جا ئەگەر لە ناوەرۆكدا مەبەست بیرو هەست و هەڵچوون و ئەندێشە بێت ئەوا لە فۆرمدا هەموو ئەو پێكهاتەیەی دەرەوە دەگرێتەوە، كە ناوەرۆكی ئەو دەقەی لەسەر بنیات دەنرێت و دیوی دەرەوەی دەقەكە پیشان دەدات)).( د. عزالدین اسماعیل، الادب و فنونه، ص: ١٤).

ئەدەب لە هەر قۆناغێكیدا بێت بە شێوەیەكی گشتی خاسیەتی زیندوو بوونی خۆی پاراستووە و بەردەوام لەگەڵ گۆڕانكاریەكانی مرۆڤایەتی دابووە؛ چونكە پەیوەستە بە خودی مرۆڤ خۆی و دواجار ئەو مرۆڤانەش وابەستەی خاك و نەتەوە و بیركردنەوە و پێكهاتەی كۆمەڵگان؛ هەر بۆیە بەرهەمی ئەدەبی بەردەوام لە گۆڕانكاری دا بووە و ((بە پێی بارودۆخ و سروشتی كەس و میللەتان و بەپێی بۆنە و پێداویستییە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان لە جۆر و هونەری جیاوازدا خۆی نواندووە و هەر بەهۆی ئەو پێداویستیانەی ناوبران، هەندێ جار چەند قاڵبێكی هونەری لەوانی تر زیاتر پێشكەوتووبوون و بڵاوبوونەتەوە)). (د.هیمداد حسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی كوردی، ل:٤) واتا گەشەسەندنی بەرهەمی ئەدەبی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە نزیكی ئەو بەرهەمە لە ویستی كۆمەڵگا و ئەو ئەركەی لە ناوەوەی هەڵیگرتووە؛ بۆیە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی و



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەرەو پێش چوونی شارستانیەت و گۆڕان و فراوان بوونی بواری ڕەخنەیی و هاوکات لەگەڵ باسکردنی چەمکی ئەدەب ئەرکی ئەدەبیش خراوەتەبەر باس و گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

سەردەمی یۆنانییەکان دەستپێکی باسکرن و دیاریکردنی ئەرکی ئەدەب بوو((ئەفلاتون))ی گەورە بیرمەندی یۆنانی ، شیعر بەشتێکی بێ سوود لەقەڵەم دەدات و شاعیران لە کۆمارەکەی دەکاتە دەرەوە؛ چونکە پێی وایە، کە شاعیران بەرهەمەکانیان لاساییکردنەوەی سروشتە و بنەمایەکی ئەقڵی نییە و سێ هەنگاو لە ڕاستی دووردەکەونەوە، شیعر هیچ سوودێك بە کۆمەڵگا و وڵات ناگەیێنن؛ چونکە ئەو بابەتەی شاعیران لە بارەی دەنووسن هیچ زانیارییەکیان لە بارەی دروستی ئەو بابەتە نییە؛ بۆیە بەرهەمێکی سوودمەند لە دوای خۆیان بە جێناهێڵن، سەرەنجام کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ڕەوشتی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بە تایبەتی لاوان و لە ڕێ لایان دەدات.(جمهوریة افلاطون، ص: ٣٦٦ – ٣٧٥). واتا: (ئەفلاتون) ئەرکی ئەدەب – شیعر - لە سوودمەندی و ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو ئەرێنی چڕدەکاتەوە.

دوا بەدوای (ئەفلاتون) (ئەرستۆ) بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی شیعر و شاعیران دەخاتە ڕوو، بەڵام بە پێچەوانەی مامۆستاکەی نرخ و بەها بۆ شاعیران دەگەڕێنێتەوە و بەرهەمەکانیان بەرز دەنرخێنێت، کۆمەڵێك بیروبۆچوون گەڵاڵە دەکات، کە دواتر بوونەتە بناغەیەك بۆ نووسینی ئەو دوو هونەرە(شیعر – پەخشان)، (ئەرستۆ) پێی وایە(( ئەرکی شاعیر ئەوە نییە باسی ئەو شتانە بکا، کە بە ڕاستی ڕوویداوە، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە باسی ئەو شتە بکات، کە دەشێ ڕووبدا؛ چونکە ڕوودانەکەی لە هەلومەرجی تایبەتیدا، یان شتێکی شیاوە یان شتێکی پێویستە))( ئەرستۆ، هونەری شیعر،ل:٣٧) هەر لەسەر ئەم بنەمایەش جیاوازی لە نێوان شیعر و مێژوودا کردووە و دەڵێت:((جیاوازی مێژوونووس و شاعیر ئەوەنییە، کە یەکێکیان بە پەخشان دەنووسێ و ئەوەی تر بە شیعر.... بەڵکو جیاوازییەکە لەوەدایە یەکێ باسی شتێ دەکا، کە ڕوویداوە و ئەوەی تر باسی شتێ دەکا، کە لەوانەیە ڕووبدا. هەر لەبەر ئەمەشە شیعر لە مێژوو فەلسەفیتر و بەهادارترە، چونکە شیعر بایەخ بە ڕاستەڤینەی هاماو و گشتی دەدا، کەچی مێژوو مامەڵە لەگەڵ ڕاستەڤینەی تایبەتی دەکا)).(س.پ. ل:٣٧) واتا( ئەرستۆ) بە بایەخەوە سەیری ئەرکی شیعری کردووە.

شیعر زۆربەی جار ئەرکی هەیە و لە خودی خۆی هەڵیدەگرێت، شاعیر لە ڕێی پێکهاتەی زمانیەوە ئامانج و مەبەستەکەی دەردەبڕێت؛بۆیە دواتر باسکردن و خودی ئەرکی ئەدەب بە گشتی و ئەرکی شیعر بەتایبەتی بە پێی گۆڕانی سەردەم و ڕێبازە ئەدەبیەکانیش گۆڕاوە، (( سیحری شیعر بە هەزارەها جۆر و فۆرم وجل و بەرگی گۆڕیوە و قۆناغ و سەردەمی جیاجیای بەزاندووە، هەر لە ڕۆژانی کلاسیکەوە تا دەگاتە ڕۆمانسییەت و ڕیالیزمی و ڕەمزییەت و واقیعی ئیشتیراکی و واقیعی سیحری و زمانگەرایی و دادائیەت و سوریالیەت و بونیادگەرایی و پارچە پارچەیی و مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەو دەقی کراوە، شاعیرانی مەست کردووە و خەیاڵ و ئەندێشە و هزری کراوەی پێ بەخشیوون، شاعیران هەمیشە شاسواری گۆڕەپانی داهێنانە ئەدەبییەکان بوون)) (، بۆتان جەلال، لەبارەی شیعرەوە ، ل:٤٠ ) هەر ئەو گۆڕانکاریانەش ئەرك و ئیستاتیکای دەقی شیعری بنیات دەنێن و لەسەر ئەو بنەمایانەش ئەرکەکەی دەستنیشان دەکرێت.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەك دەبینین لە (ئەدەبیاتی كلاسیكی نوێ) شدا، كە بناغەكەی لە ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانی وەرگرتووە، لە ئەدەبیاتی كلاسیكی نوێ دا (( عەقڵ بنەمای فەلسەفەی جوانی بووە لە ئەدەبدا ، ئەدەبیش ڕەنگدانەوەی ڕاستییەكان بووە و پەیامی كۆمەڵایەتی شاعیر دیاری دەكات، گەشە بە یاسا هونەریەكانی تر ئەدات و چێژ و سوود یەكدەخات)). (د. عبدالقادر حەمە ئەمین محمد، ئەدەب و ڕێبازەكانی ئەوروپی – كوردی، ل: ٢٧ ). واتا: یەكێك لە خاسیەتە سەرەكیەكانی ئەدەبی كلاسیكی ئەوەیە ئەدەب دەبێ لەسەر بنەمای عەقڵ و مەنتیق دابمەزرێت و هەروەها سوود بە كۆمەڵگا بگەیەنێت؛ بەڵام لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیكی و ڕیالیزمیشدا ئەدەب ئەركی سوود بەخشین و دەرخەری ڕاستیەكانی ژیان بووە، بەشێوەیەك ئەدەب ڕەنگدەرەوەی ناخی نووسەر و ئەزموونی تاكەكەسی و كۆمەڵگا بووە، هۆكارێك بووە بۆ دەرخستنی كێشەكانی كۆمەڵگا و خستنەڕووی چارەسەر بۆی؛ چونكە (( ڕیالیزم ئەو ئەدەبەیە، كە وێنای وردی مرۆڤ و سروشت دەكات، پارێزگاریكردنە لە ژیانی ڕۆژانە، بنیاتی كارنامەشی دوورە لە سۆز و بۆچوونەكانی تاكەكەسی و شتە ئەندێشەییەكان، واتە ڕەتكردنەوەی هەموو فۆرمێكی خەیاڵیە و ئامانجی ئەوە بووە، كە دەربڕینەكان لە ئاست ڕۆژانەدابن)).(س.پ.ل: ٩٤) بەو واتایەی ئەدەبی ڕیالیزمی پەیامێكی كۆمەڵایەتی و ڕەوشتی هەڵگرتبوو، ئامانج و ئەركی ئەدەب گەیاندنی پەیامی شاعیران و نووسەران بووە، لە ئەدەبیاتی هێماگەریشدا ئەدەب ئامانج و مەبەستێكی هەبووە، شاعیران هەوڵیان داوە لە ڕێی زمانێكی ڕەمزئاساوە پەیامی شاعیرانەی خۆیان بگەیەنن جا پەیامی رەوشتی و پەروەردەیی بووبێت یان نیشتیمانی و نەتەوەیی ....هتد .

ئەركی ئەدەب دواتر گۆڕا و لە ئەدەبیاتی پەرناسیزمدا جیاواز لەو ڕێبازانەی تر ئەدەبیات داماڵرابوو لە هەموو ئەرك و پەیامێك، ئەوان پێیان وابوو (( ئەدەب خۆی لە خۆی دا ئامانجە نەك ئامراز، هونەر ئەگەر سوودێكی هەبێت ئەوەیە، كە تەنیا جوانە)(د.هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەكان، ل: ١٣١)؛ بۆیە ئەم دابڕینەی ئەدەب لە هەموو جۆرە سوود و ئامانجێك لای پەرناسەكان دواتر بوو بە بناغەیەك بۆ بۆچوونی نووسەر و شاعیرانی سەر بە ڕێبازە ئەدەبییەكانی تری وەك سوریالیزم و دادایزم. بەم شێوەیە لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ و مێژووی مرۆڤایەتی و گەشەسەندنی شارستانیەت تێڕوانین و بۆچوونەكانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و لە هەر سەردەمێكدا ئەركێك بۆ ئەدەب دیاری كراوە، كە زۆرجار لە ئەدەبیاتەكە خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە باسی هەموویان بكەین.

هەموو ئەو تێڕوانن و گۆشە نیگا و بۆچوونی ڕەخنەگر و پسپۆڕانی ئەم بوارە بەشێوەیەكی گشتی لەدوو بۆچوونی سەرەكی چڕدەكرێنەوە :

یەكەم : بەشێكیان پێیان وایە ئەدەب بە شێوەیەكی گشتی ئامانجێكی دیاری كراوی هەیە و ئەركی ڕەوشتی و كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فێركردن و چاكسازی كۆمەڵایەتی .....هتد دەبینێت، بەو واتایەی ئەدەب بارگاوی دەكەن بەوەی سوود بە كۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت .

دووەم: بەشێكی تریان پێیان وایە ئەدەب بۆ چێژ وەرگرتن و كات بەسەربردنە، هیچ سوودێكی نادرێتە پاڵ و هیچ ئامانجێكی نیە بۆ سوود گەیاندن بە كۆمەڵگا، تەنانەت هەندێك پێیان وایە سوود گەیاندن هونەر بێ هودە دەكات . (د. فضل الله، وظيفة الشعر عند النقاد العربي القدامى، ص: ١٥٧).


كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەركی شیعر لە ئەدەبی كوردی دا :**

شیعر هەر لە دەسپێكی مێژووی ئەدەبیاتی كوردی دا پێگەی تایبەتی خۆی هەبووە، شاعیرانی كوردیش لە چنینی دەقەكانیاندا هەوڵیانداوە ئەوەی لەناخیاندا هەیە بە شیعر گوزارشتی لێ بكەن، بە هەموو دیاردە و دەردە خودی و سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانەوە؛ بۆیە شیعری كوردیش وەك شیعری هەموو میللەتانی جیهان تەریك و بێبەری نییە لە ئەرك بە هەموو جۆرەكانییەوە، بەڵام هاوشێوەی شیعری  هەموو گەلان ئاستی چەندێتی و چۆنیەتی ئەركەكانی بە پێی خودی شاعیر و سەردەم و قۆناغ و ڕێبازی ئەدەبی گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە و شێوازی هەمەجۆری لە خۆوەگرتووە؛ بۆیە بابەتی دیاریكردن و ئەرك دانەپاڵ شیعر یەكێك بووە لەو بابەتە ڕەخنەییە فراوانەی، كە زۆربەی ڕەخنەگرانی كورد تەتەڵەیان كردووە و باس و خواسی لەبارەوە كراوە،  بە تایبەتیش لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەم ببووەوە بابەتی هەرە گرنگ و سەرەكی لای زۆربەیان.

(شێخ نوری شێخ ساڵح) لە وتارەكەی، كە لە ژێر ناونیشانی (سەنایع نەفیسە) لە ڕۆژنامەی (ژیان) نووسیوویەتی (پێیوایە، كە لە شیعردا  لە پاڵ بایەخدان بە ناوەڕۆك نابێت لایەنی جوانكاری دەق فەرامۆش بكرێت).( نەسرین رەئوف ئیسماعیل، ئەركی شیعر لە ئەدەبی كوردیدا ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٥٨)، ل:٩٤)، واتا: ئەرك و لایەنی ئیستاتیكای بە پێویست زانیوە. ئەم تێڕوانینەی(شێخ نوری )لەوە سەرچاوەی گرتووە، كە ڕەخەگرانی كورد شیعری كلاسیكی كوردییان بە بێ ئەرك وەسف دەكرد و شاعیرانیان بە دەرخەری هەست و سۆزە خودی و خەمسارد لە كێشە و گیر وگرفتە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانی میللەتی كورد ناودەبردن؛ بۆیە دوای ئەو گۆڕانە سیاسی و كۆمەڵایەتییانەی دوای جەنگی جیهانی یەكەم بەسەر جیهان بە گشتی و كوردستان بە تایبەتی داهات، بڕیاری ئەوەیان بەسەر شاعیران دادا، كە شیعر بكەنە ئامرازی سەرەكی و گرنگی گەیاندن و ناساندنی ئەو دەرد و كێشانەی میللەتەكەیان پێیەوە دەناڵێنن، بۆ نموونە (سیاپۆش) ((هەڵوێستێكی توند و تیژ بەرامبەر بە شاعیرانی كورد  وەردەگرێت كاتێك دەبینێ، كە شیعری شاعیرانی كورد لە ئاست بارودۆخە ئاڵۆز و واقیعە نالەبارەكەی ژیانی میللەتی كوردا نییە و دوورە پەرێز وەستاوە لەو ڕووداوە گرنگانەی لەو سەردەمە ڕووبەڕووی بوونەتەوە))( د.پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی كوردی، ل: ٤٩٨).  بۆیە لە وتارەكەی ئەركی شیعر بەوە دەست نیشان دەكات، كە دەبێت دەرخەری ئێش و ئازاری هەموو تاكێكی ناو كۆمەڵگا بێت، ڕێ ڕۆشنكەرەوە و یارمەتیدەری دۆزەرەوەی ڕاستییەكان بێت، پەچە لە ڕووی جوانییە شاراوەكان لابدات، چرای هیوا بۆ تێكۆشەران بەرزكاتەوە.

(محەڕەم محەمەد ئەمین) یش لە وتارەكەیدا بە ناونیشانی(پەیامی وێژەوان) باس لە  پەیوەندی ئەدەب بە ژیان دەكات  و زۆربە ووردی ئەوەی ڕوون كردۆتەوە، كە((ژیان و وێژە یەك شتە، بە هیچ جۆرێك لەیەك جیاكردنەوەی دروست نیە..... وێژەوانی هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەوەیە كەرەسەكانی هونەری لەو كارە هەڵبهێنجێ، كە هەستی پێ ئەكا و كاری لێ ئەكا وە لە وێژەیەكی زیندوودا پێشكەشی بكا بە جۆرێك ژیان سەرچاوەی هونەرەكەی و ئیلهامی بێت)).( محەرەم محمد امین، پەیام((رسالە))ی وێژەوانی كورد،ل: ١٣).واتا ئەدەب وەك ئاوێنەیەكی ژیان سەیر دەكات و لەو باوەڕەدایە، كە شیعر دەبێت پەیامەكەی ڕاستەوخۆ لە ژیانەوە سەرچاوە بگرێت ئەمەش بە سیمای زیندووی شیعر دەزانێت.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

(ڕەفیق حلمی) جەخت لەسەر هەمان بۆچوون دەکاتەوە و پێی وایە شیعر دەبێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی قۆناغ و سەردەم بڕوات و پێویستییەکانی ئەو سەردەمە لە خۆ بگرێت؛ بۆیە دەڵێت:((( بێخود)مان بۆ ئەو نەوعە شیعر و سەنعاتە ناوێ و نامانەوێت کە ئیتر وەسفی زاج و پرچمان بۆ بکا و یا مەرسیە بۆ مردوو بنووسێتەوە هەتا ناشمانەوێ هەر بە مەدحی پێغەمبەرەوە خەریك بێ و بۆ ئاخیرەتی هەوڵ بدا، بەڵکو هیوامان وا پێیەتی کە ماوەی عومری خۆی سەرفی(دیوان)ێکی عەسری و تازە بابەت بکاو بە شیعری بەرز و ڕەنگینی نیشتیمانپەروەرانە، ڕۆحێکی نوێ بکا بە بەری لاوەکاندا و بیانخاتە سەر ڕێگەی چاکە و پێکهێنانی کار و کردەوەی بە پێز و بەم ڕەنگە دنیاش لێك بداتەوە و لەگەڵ نەفسی خۆی و ڕۆحی ئاخیرەتی، میللەت و نیشتیمانشی بە یادکا و لە خزمەتی ئەوانیشدا گرەو بباتەوە)).( ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب.١، ل: ٥٨ و ٥٩.)واتا مەبەستی ئەوەیە، کە شیعر دەبێت ئەرکی هەبێت و شاعیر بە گوێرەی سەردەم بنووسێت، لە پاڵ هەست و سۆز و ویستە خودییەکانی خۆی ئاوڕێك لە پێویستییەکانی کۆمەڵگا بداتەوە و بەشداری لە خەبات و چاکسازییەکاندا بکات؛ بۆیە (عەلائەدین سەجادی) ، کە هەمان بۆچوونی لا پەسەندە باسی لە نموونەی ئەو شاعیرانە کردووە، کە بەم شێوازە شیعرییان نووسیوە و ئاوڕیان لە کێشە و دەردەسەرییەکانی میللەتەکەیان داوەتەوە وەك( حاجی قادر و ئەحمەد موختار جاف) نموونەیەکی شیعری (ئەحمەد موختار جاف)ی خستۆتەڕوو، کە چۆن گۆڕانکاری لە ناوەرۆکی شیعرەکانیدا کردووە و لە خزمەت پێداویستییەکانی سەردەمەکەی دایە و پشتگیری لە هەمان دید و بۆچوونی ئەوان دەکات و و دەڵێ:

**شاعیرانی کورد! بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن**

**کەم خەیاڵی پەرچەم و کـــــــاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن**

**لابدەن کەم بـــــــاسی سونبول، یا زڵفی لاولاو بکەن**

**ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتـــــــــا و بکەن** (عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل: ٥٠٧)

دەبینین لای (هێمن) ی شاعیر ئەمە ڕەنگیداوەتەوە ودەڵێ:

**گەرچی توشی رەنجەرۆیی و حەسرەت ودەردم ئەمن — قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم ئەمن**

**ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خـــــــــاڵ نیم — ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمـــن**

**گەر لە برسان و لە بەر بێ بەرگی ئیمرۆ رەق هەلێم — نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمـــن**

(هێمن، دیوان، ل:٢٨١).

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، کە پێی تێپەڕبوونی کات و ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی لە بواری ڕەخنە و نووسین و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد ڕوویاندا ڕاستەوخۆ لە شیعر و شێوازی شاعیراندا ڕەنگی دایە و خودی شاعیر درکی بەوە کرد، کە شیعر دەبێت ئەرکی هەبێت و لە پاڵ ئیستاتیکا و بەها هونەریەکانیدا خزمەتی گەل و نەتەوەکەی بکات و دەربڕی کێشە و گیر و گرفتەکانیان بێت؛ چونکە لە قۆناغەکانی دواتردا دەبینین دوای پەیدابوونی خوێندن و گۆڕانی ژیانی کورد و بەرەو پێش چوونی شارستانیەت شاعیران تیشکیان خستۆتە سەر بابەت و کێشە سەردەمییەکانی وەك: نەخوێندەواری و یەکسانی و خوێندنی ژن و مافی ئافرەت و



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەروەردەی منداڵ، گەلێك بابەتی تر، بەڵام لەبەر نەبوونی دەرفەت و لە پێناو دەرنەچوون لە سنوری بابەتی توێژینەوە نەمانتوانی بە درێژی هەموو ئەو بابەتانە باس بکەین.

دەتوانین بڵێین شیعری کوردی لە پاڵ جوانی ئیستاتیکایەکەی ئەرکی هەیە و ڕەنگدانەوەی واقیع بووە، بە چەندین شێوازی جیاواز هەروەك (د.پەرێز سابیر)یش ئەوەی خستۆتەڕوو، کە بۆچوونی ڕەخنەگرانی کورد لە مەسەلەی چۆنیەتی مامەڵکردن و باسکردنی واقیع لە لایەن شاعیرانەوە دوو بۆچوون لە ئارادان:

١- هەندێکیان پێیان وایە ئیلتیزام بوونی شاعیر لەوەدایە، کە دەبێت ئاگاداری گیرو گرفتەکانی ژیانی کۆمەڵگای بێت و بیانخاتەڕوو.

٢- هەندێکیشیان پێیان وایە، کە شاعیر لە پاڵ شۆڕبوونەوە بە ناخی کۆمەڵ و دیاریکردن و خستەڕووی ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ بەشداری لە چارەسەری ئەو بارە نالەبارەدا بکات، کە ڕووبەڕووی خەڵکەکەی دەبێتەوە.( د.پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ل: ٥٠٦)

### - ئەرك لە شیعری ( میرزا مەنگوڕی ) دا

شیعرەکانی(میرزا مەنگوڕی) لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە خاوەنی کۆمەڵێك سیما و شێواز و تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆیانن، لە چەندین لایەن و ڕەهەندەوە دەکرێت توێژینەوەیان لەبارەوە ئەنجام بدرێت؛ بۆیە ئێمە لەپێناو سنوربەندی کارەکەمان و مەودای زانستی توێژینەوەکەمان تەنیا باس لە ئەرك دەکەین لە شیعرەکانی شاعیردا.

(میرزا مەنگوڕی) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چەندین مەبەست و بابەتی هەمەجۆر لە خۆوە دەگرن، هەروەك خۆی لە ژیاننامەکەی ئاماژەی پێکردووە دڵداری یەکەم بابەتی شیعری بووە، کاتێك لە ساڵی (١٩٢٧) لە نێوان هێزی دەوڵەتی ئێران و عەشیرەتی پشدەر لەسەر قرەی دێهاتی(سوینایەتی) بوو بە شەڕ لە ناوچەی سەردەشت هاوڕێیەکی باوکی بریندار دەبێت و باوکی بۆ دڵخۆشی دانەوە دەینێریتە ئەوێ و دەڵێ:((ئەو پیاوە کچێکی هەبوو خونچەی ناوبوو هەر بە ئەوەل چاوپێکەوتن تێکچووم،....لە پێش چاوپێکەوتنی ئەو کچە زەوقێکی زۆر بە تینم لەگەڵ شیعردا نەبوو، بەڵام ئەمجار بووم بە بوێژی دڵداری،....ئەو کچە بوو بە هۆی ئەوەی، کە لە خوێندن پشتم ساردبێتەوە شەو و ڕۆژ وێنەی ئەو کچەم بە خەیاڵ ئەکێشاو بە شیعری تیندار ئەمڕازاندەوە....فەننی شیعرم بەسەر باڵای ئەودا(تطبیق) کرد، سیمای ئەو نیگارە بۆ من بوو بە مامۆستای هەڵبەست و دڵداری))(میرزا مەنگوڕی، ڕۆڤار، ل:١٢). واتا: سەرەتا شیعری بۆ گوزارشت کردن لە هەست و سۆزە خودییەکانی خۆی بەکارهێناوە، بەڵام لە ماوەی ژیانیدا شاعیر بە چەندین کێشە و چەرمەسەری و ژیانێکی تاڵدا ڕۆیشتووە، کاتێك حەزی بە خوێندن نایەت مامۆستاکەی بە شووڵە هەنار دارکاری دەکات و ماوی (١٠)ڕۆژ قاچیان لە هەویر گرتووە، بێزاری و دەردەسەری بینین لە ژیانی شوانی، هەروەها لە ساڵی(١٩٣٠) باوکی وەفاتی کردوو؛ بۆیە ئەمانە هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی شاعیر پەنا بباتە بەر چەندین کار و خوێندنی ناچاری و کاری بازرگانی گەڕان و سەفەرکردن بۆ چەندین شار و شوێنی دوور و جیاواز، کە بۆ ئەو سەردەمە کارێکی زۆر قورس و ئاستەم بوونە، هەروەها ئەو سەردەمەی( میرزا مەنگوڕی) تێیدا ژیاوە کۆمەڵێك کێشە و جەنگ و گۆڕانکاری لە عیراق و کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویانداوە، بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیاوازی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)

e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

چینایەتی یەکێك بوو لە دیاردە هەرە باوەکان، هەروەك خۆی باس لە هەڵوەشاندنەوەی شاری قەڵادزە لەلایەن ئاغا و ڕاگواستن و ئاوارەبوونی دانیشتوانی دەکات لە ساڵی(١٩٣٠) و دواتر، داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ئینگلیزەکان و سەرهەڵدانی چەندین شۆڕش و کپ کردنیان لە لایەن دوژمنان، قورسی ژیان و نەبوونی و قات و قڕی؛ هەبووە؛ ((چونکە ئەوەی بەسەر ئەودا هات لە ماوەی (٧٨) ساڵی تەمەنیدا، ژیانێك بوو پڕ لە ئاوارەیی و زیندانی و نەبوونی، چوار جار زیندانی کراوە، لە سلێمانی لە (١٩٣٤ و ١٩٣٨) لە کەرکوك لە ساڵی(١٩٥٨) لە لە مەهاباد لە ساڵی(١٩٤٦)، ١٢ جار ئاوارەبوو))( میرزا مەنگوڕی، دەستوری ژیان، ب١، ل: ٧)، جگە لەمانەش بۆ کاری میری و بازرگانی و بژێوی ژیان لە چەندین شار و شوێن گەڕاوە و تووشی ناڕەحەتی و ناخۆشیی بووە؛ بۆیە هەموو ئەو ڕووداوانە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ژیانی شاعیر هەبوو.

(میرزا مەنگوڕی) پەندو چەندین وانەی باشی لە هەموو ئەو کارەسات و وێستگە جیاجیاییانە وەرگرتووە، کە لە ژیانیدا پێیاندا تێپەڕیوە؛ بۆیە وەك ئەرکێکی مرۆڤایەتی و نیشتیمانی هاتووە لە قاڵبی شیعرییدا دایڕشتوون بۆ ئەوەی ببنە ڕێ ڕۆشنکەرەوە بۆیان و ئەو ناخۆشییەی ئەو دیویەتی کەسانی تر نەیبینن، هەروەك خۆی لە پێشەکی کتێبی (دەستوری ژیان)، کە لە دوو بەرگ پێکهاتووە ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ:(( زۆر خۆم بە بەختیار ئەزانم، کە توانیم ئەم کتێبی(دەستوری ژیان)ە بە ڕێی و ڕەوشتی قاڵکراوە پێشکەش بە خوێندەوارانی هەموو وڵاتێك بکەم زۆرتر لە دانانی مەبەستم ئەوە بووە، کە ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی، کە بەسەر ئادەمیزاد دێن، لە مەودای ژیانیانا پێش ڕووداوی بەسەرهات بە خەڵکی ڕابگەیێنم، کە هەموو مرۆڤێك لە مەودای ژیانیا ئەو کۆسپانەی دێتەڕێ جا پێویستە هەموو نەتەوەیەك چاو ببڕێتە تێوەگلانی بەسەرهات و ڕۆژەوە یا ڕەنگاو ڕەنگی کردەوەکانی ئادەمیزاد، بۆ ئەوەی کە لە ناکاو نەکەوێتە ئەو داو و تەلەسمانەی، ئادەمیزاد لەسەر ڕێگای یەکتری داناوە)).(دەستوری ژیان:،ب١، ل:١٥).واتا: شاعیر خاوەن پەیامێکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی بۆ هەموو نەتەوەیەك، نەك تەنها هەر بۆ تاکی کورد نیە؛ بۆیە دەڵێ: ئەم بەرهەمەم((هەر وڵاتێك تەرجەمەی بکاتە سەر زمانی خۆی هەمان کەڵکی لێ وەرئەگرێ، کە کورد لێیوەرگرتووە))(س.پ. ل:١٦)، هەروەك لە کۆتا چوارین، کە(٦٤٥٧)ەمین چوارینە دەڵێ:

ئەوا تەواوبوو دەستوری ژیـــــــان
دیوانی مەنگوڕ شاعیری زەمـــــــان
لـەسەر پێویستی کۆمـــــەڵ دانراوە
پێشکەش بە ئێوە ئەی خەڵـکی جیهان (دەستوری ژیان، ب٢، ل:٦٥٠)

کە واتا شاعیر لە شیعرەکانیدا ئەرك و پەیامی هەڵگرتووە، شیعری کردۆتە چەکی بەرەنگاری و ڕێبەر و بەرچاوڕوونی بۆ نەوەی دوای خۆی، کە ئەمەش نیشانەی ڕۆشنبیری و ئاست بەرزی تێگەیشتن و هۆشیاری خودی خۆی دەگەیێنێت، چونکە کەسی ڕۆشنبیر(( بە بیر و بۆچوونەکانی دژایەتی کۆمەڵگا ناکات و لە بەدیهێنانی پرۆژەکانیدا پشت بە پێویستییەکانی کۆمەڵگاکەی دەبەستێت، جا ئەو پێویستییانە دیموکراسی یان دادی کۆمەڵایەتی یان بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندن یان بەرگریکردن لە مافی چینە لاوازەکانی کۆمەڵگا لە هەژار و نەخوێندەوار و ئافرەتان بێت)).(هیوا عەزیز سەعید، ڕۆشنبیر و ئاڕاستەپێدانی


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فيكر،ل:٢٩)؛ بۆيە شاعير ويستوويەتى دەستورێكى ژيان بۆ ئەو كەسانە بنووسێت، كە پێويستييانە و ئەمەى بە پێويستى كۆمەڵگاكەى خۆى و جيهان زانيوە.

دەتوانين بڵێين وەك لە بابەتەكانى پێشووتر باسمان كرد (ميرزا مەنگوڕى) دركى بە ڕاستى و گرنگى ئەركى ئەدەب بە گشتى و شيعر بە تايبەتى كردووە و بە شێوەيەكى پراكتيكى لە دەقە شيعرييەكانيدا سەلماندوويەتى، لە تەوەرى داهاتوو بە شێوەى پراكتيكى ئەو نموونە شيعرييانە دەخەينەڕوو، كە ڕەهەندى پەروەردەيى و هۆشيارييان لە خۆوەگرتووە.

**تەوەرى دووەم : ڕەهەندى پەروەردەيى و جۆرەكانى هۆشيارى لە شيعرەكانى ( ميرزا مەنگوڕى )دا**

پەروەردە و هۆشيارى ئەستوندەى سەرەكى و گرنگى كۆمەڵگاى پێشكەوتوون، شارستانيەت و كۆمەڵگاى پێشكەوتووش لە ئەنجامى تاكى هۆشيار و ڕۆشنهزر دروست دەبێت؛ بۆيە چەسپاندن و بنياتنانى ئەم جۆرە كۆمەڵگايەش يان لە ڕێى خۆ پێگەياندنى خودى تاكەوە بەدى دێت، يان بەرهەمى پەروەردەكردنى دروست و هۆشياركردنەوەى تاكەكانى ئەو كۆمەڵگايەيە، ئەمەش كارەش زۆربەى كات دايك و باوك و پەروەردەكار و ڕۆشنبير و بەرپرسيارانى كۆمەڵگا لە ئاستە جۆراوجۆرەكان پێى هەڵدەستن، چونكە ((ڕۆشنبير ئەو كەسەيە، كە سەرقاڵى كێشەى ماف و ئازادييەكانە، بە فيكر و گفتوگۆ يان بە نووسين و هەڵوێستەكانى داكۆكى لە سياسەتى ڕاستى و بەها ڕوشنبيرييە كۆمەڵايەتى و گەردوونييەكان دەكات))(مهاباد ئازاد، وێنەى ڕۆشنبير لە ڕۆمانەكانى بەختيار عەلى،ل:٤٢). (ميرزا مەنگوڕى) وەك ڕۆشنبيرێك ئەم ئەركە پيرۆزەى لە چەندين لايەنى هەمەجۆر گرتۆتە ئەستۆ وەك:

**أ- ڕەهەندى پەروەردەيى:**

پەروەردە وەك ئاماژەمان پێدا چەمكێكى گشتگير و كايەيەكى گەورە و گرنگى لە ژيانى كۆمەڵگا دا گرتووە، بەردەوام جێى بايەخ و هەڵوێستە لەسەر كردنە، چونكە پايەيەكى سەرەكى بنيات نانى كۆمەڵگايەكى تەندروستە، هەروەها لەگەڵ گۆڕانكاريەكانى كۆمەڵگادايە و بە شێوەيەكى ڕاستەوانە هاوتا دەبێت لەگەڵى، چونكە مانا و ئامانجەكانى پەروەردە بريتى نين لە بابەتێكى چەقبەستوى نەگۆڕ، بەڵكو سيماى گۆڕانكارييان هەيە، ئەمەش وايكردوە، بچوكترين گۆڕانكارى لە شێوازى ژيانى كۆمەلايەتى وسياسى و ئابورى و هزرى دا پێويستە گۆڕانكارى لە بوارى پەروەردەدا بێنێتە كايەوە، كەواتە بە پيشكەوتنى كۆمەڵگا چەمكى پەروەردە و هۆكارەكانى پەروەردە واتاى نوێ بەرجەستەدەكەن. پەروەردە چەمكێكى فرەواتا و فراوانە و ئەو ديدەى( ئەفلاتوون)ى پێشەنگى فەلسەفەى ئايديالى بۆ پەروەردە هەيبوو، بەسەر زۆرێك لە پەروەردەكاران و بە تايبەتيش ئايدياليستەكان دا زاڵە و پێى وايە پەروەردە((ڕاهێنانێكى ڕەوشتى و كۆششێكى خۆويستانەى جيلى كۆنە، بە مەبەستى گواستنەوەى ئەو نەريتە چاك و خوازراوانەى، كە لە ڕێگەى ئەزموونى خۆيانەوە پێى گەيشتوون، بۆ نەوەى داهاتوو)).(محمد جلوب، دراسات في فلسفة التربية، ص:٥٠)، بەڵام ڕێباز و قوتابخانە فەلسەفييەكانى ترى پەروەردەش بەدەرنەبوون لەم ئەرك و تايبەتمەندييەى پەروەردە، بۆ نموونە(ئارازمس)كە يەكێكە لە پێشەنگ و هەوادارانى فەلسەفەى مرۆيى وايە پەروەردە(پرۆسێسێكە، بە ئامانجى هێنانەدى چاكسازى ئاكارى و ئايينى و كۆمەڵايەتى، لە كەسيەتى تاكەكاندا).( س.پ. ص: ٧١).


كۆنفرانسى ( كاريگەرى زمان و ئەدەب لەسەر بنيادى هزرى و درێژەپێدانى زانستى)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەروەردەش ئەركی كەسانێكی شارەزاو لێهاتوو و بوێرە، كە هەڵبستێ بە ئەنجامدانی ئەو كارە. شاعیران و نووسەرانی كورد وەك تاكێكی ئەم كۆمەڵگایە(لە دەرەوەی قەوارەی سۆز و هەستەكانیان بابەتەكانیان هەڵدەبژارد و ڕەگەزی بیر و شیكردنەوەی وردەكارییەكانی ژیانی خەڵك، تەوەری سەرەكی كارە هونەرییەكانیان بوو) (ئەحمەد قەرەنی ، شیعری فێركردن لە ئەدەبی كوردی دا، ل: ١٥٤). وەك هەستی بەرپرسیارانەی خۆیان، بەپێی قۆناغ و سەردەمەكەی خۆیان هەڵساون بە ڕۆشنكردنەوەی ڕێگای تاكەكانی كۆمەڵگا و هاندانیان بەرەو ئەنجامدانی كاری باش و ڕەوشتی باش و خوێندن و خزمەت كردن بە كۆمەڵگا،( میرزا مەنگوڕی)ش لەم بارەیەوە دەڵێ:

**منـــــاڵی ئەمڕۆ بـــــاوكی دوا ڕۆژە**

**ئەبێ لەم ڕووە بەو هەســــــت و سۆزە**

**خوی بەرزی بگرێ بۆ بەرزی نیشتیمان**

**لە نــــــــــاوی بەرێ هەر شتێ ئاڵۆزە** (دەستوری ژیان، ب١، ل:٤٢٦)

سەرەتا منداڵی بە پایە و بناغەی كۆمەڵگا زانیوە؛ چونكە داهاتووی وڵات بە دەست ئەوانە؛ بۆیە هانیان دەدات بۆ ڕەوشت بەرزی و ئەنجامدانی كاری باش.

دایك و باوك و پەروەردەكار و سەرپەرشتیاری منداڵ نابێت خەمسارد بن و پەروەردەكردن لە پێشەوەی هەموو كارەكانییانەوە بێت و دەڵێ:

**مــــناڵ بە بێشكە ئەبێ پەروەردە**

**شابی یا گەدا لە م خاك و هــەردە**

**ئەوەڵ مناڵە كەنەفت و بێ دەست**

**زەمانە ئەیكات بە شێخ و جەردە** (دەستوری ژیان، ب٢، ل:٥٠١)

واتا: هەر لەسەر بێشكەوە دەبێت منداڵ بەرەو پەروەردەیەكی ڕاست ئاڕاستە بكرێت، چونكە نەزان و نەفامە و هیچ لەم گێتیە نازانێت؛ بۆیە لەوانەیە ببێت بە كەسێكی شێخ یان جەردە و كەسێكی خراپ.

شاعیر لە بنەماكانی پەروەردەی منداڵیش زۆر وردبووە؛ بۆیە داوایان لێدەكات هاوڕێی باش بگرن بۆ ئەوەی كاریگەری باشی لەسەر هەبێت و و دووركەونەوە لەكەسانی خراپ دەڵێ:

**ئەوەی كەوا زۆر وتووێژ دەكـــا**

**بە قسەی پڕوپوچ مرۆڤ گێژ دەكا**

**ئەوە لە ڕیزی هــــاوڕێ دەرباوێ**

**چونكە تۆتووشی ڕێگای لێژ ئەكا** (دەستوری ژیان، ب:١،ل: ٤٩)

هانی منداڵان دەدات ڕێی گەورە و كەسانی پێشەنگ و شارەزا بگرن؛ بۆ ئەوەی سوودی لێوەر بگرن و درێژە پێدەری ڕێگەی ئەوانیش بن و دەڵێ:

**ئەگەر گەرەكتە ژیانی مــــــــەردی**

**ناوبانــــگی تیرەت مەخــە ڕوو زەردی**



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ڕێگای جوانانی مێژوویی بـــــگرە**
**ئەمجا تام ئەکەی لە خوی نەبەردی** (دەستوری ژیان، ب:٢، ل:٣٩)

**ب- جۆرەکانی هۆشیاری**

هۆشیاری وەك یەكێك لە ناوەڕۆكە گرنگ و هەستیارەکانی شیعری کوردی پێگەیەکی دیار و بەهێزی هەیە، شاعیران وەك تاکێکی دیاری کۆمەڵگا هەستیان بە پێویستیەتی ئەم بابەتە کردووە، ئەم مەسەلەیەش لە ڕووی ئایینی و سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گشتی یەوە سەرچاوە دەگرێت. شاعیرانی کوردیش هەر لە کۆنەوە هەستیان بەو بابەتانە کردووە، "ئەحمەدی خانی " دیاترینی ئەو شاعیرانەیە، کە لە چوارچێوەی بیرە نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و هۆشیاریەکەیەوە داستانی " مەم و زین " لە قاڵبێکی ئەدەبی بەرزدا داڕشتۆتەوە ، هەروەها " حاجی قادری کۆیی "یش وەکو کەسێکی هۆشیاری کۆمەڵگای کوردی دەردەکەوێت، کە بەردەوام لە خەمی میللەتەکەی دابێت، لەگەڵ گۆڕانی ڕەوتی کۆمەڵگا و دەرکەوتنی شاعیرانی نوێ ئەم بابەتەش زیاتر ڕەنگی داوەتەوە ، بەو پێیەی ئەرکی شاعیران گەیاندنی پەیامی شاعیرانەیان بووە و ڕەنگدەرەوەی بارودۆخە هەستیارەکانی کۆمەڵگاکەیان بوون، چونکە ((دەوروبەر ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دیاریکردنی ئەو جۆرە هونەرەی لە کۆمەڵێکی تایبەتی و قۆناغێکی تایبەتدا دەبێتە باو)).(د. کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، ل:٢٠٦). هەر لە سۆنگەیەوە "مەنگوڕی"ش وەك یەكێك لە کەسایەتییە ڕۆشنبیر و بیرمەندەکانی سەردەمەکەی خۆی بەچاوی بایەخەوە بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی ڕوانیوە و هۆشیاری وەك بابەتێکی سەرەکی و گرنگ لە شیعرەکانیدا مەزراندووە؛ بۆیە ئەگەر دەقە شیعرییەکانی بخوێنینەوە چەندین جۆری هۆشیاری بەرچاو دەکەون وەك:

**یەکەم : هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسی :**

یەكێك لەو بوارانەی هەمیشە بەلای شاعیرانەوە جێی بایەخ بووە، مەسەلەی نیشتیمان بووە، بەو پێیەی شاعیران یان ئەو کەسانە بوون لە مەیدانی خەبات و کۆڕی سیاسەتەوە بەشداربوون و هاتوونەتە ناو مەیدانی شیعر و ئەدەبیاتەوە یان وەکو نووسەرێك بەردەوام لە خەمی بزواندنی بیری نەتەوەیی و نیشتیمانی بوون، مەنگوڕی لەڕێی خەباتی سیاسی و نەتەوەییەوە هەست بە ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەی دەکات، چونکە (( لە ساڵی "١٩٤٦" بەشداری لە دروستکردنی کۆماری مەهاباد کردووە، جێگری فەرماندەی بۆکان بووە، هەروەها بەشداری شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، کۆماری مەهاباد، بەشداری شۆڕشی ١٩٦١کردووە ، لە ژیانیدا چەندین جار ئاوارە بووە و چوار جاریش زیندانی کراوە)) (میرزا مەنگوڕی، گەشتی ئەستێرەی مەریخ، لاپەڕەی بەرگ)؛ بۆیە نەبوونی دەوڵەت و سەربەخۆیی و سەرکردنەی لێهاتوو و ژێردەستی و نسکۆی شۆڕشەکوردییەکان و کپ کردنی دەنگە ئازادەکان هانیان داوە بۆئەوەی کۆمەڵگا هۆشیار بکاتەوە.

شاعیر دەیەوێت بەر لە هەموو شتێ ناو ماڵی کورد پتەوبێت، داوای یەکڕیزی و تەبایی دەکات بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەر پیلانی دوژمنان، چونکە یەکڕیزی بناغەی سەرکەوتی گەلە هەروەك دەڵێت :

**یەکیەتی شەرتە نەك حوکمی زاتی**
**گەل بەیەك دڵی ئەبێ نەجـــــاتی**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**هەر رەنجی بدرێ بەبێ پرۆگــرام**

**ئەسوتێ و ناگا بە ئامانـــــــجی** ( دەستوری ژیان، بەرگی دووەم ، ل: ٩٣ )

لەم چوارینەدا شاعیر پێی وایە یەکیەتی بناغەی سەرکەوتنە و بێ یەکرِیزی و یەکگرتن هەوڵەکانی تاك بەفیرِۆ دەچێت و ناگەن بە ئاواتی سەربەستی. جا ئەگەر نەشگەن بەسەربەستی ئەوا دوژمن ناتوانێ رِێیان لێ بگرێت، بەڵکو ناچار دەبێت دۆستایەتییان لەگەڵدا ببەستی :

**کە تۆ یەك دڵ بی دوژمن ئەبەزێ**

**بەم لاو بەو لادا خوبدە جەربەزی**

**دوژمن ناچارە پێ وەندی دۆستیت**

**لەگەلا ببەستێ و چش لە ناحەزی** (دەستوری ژیان ، بەرگی دووەم، ل: ٩٦)

هانی رِۆڵەکانی دەدات بۆ ئەوەی خاك و نیشتیمانی خۆیان بوێت و بەردەوام هەوڵبدەن بۆئەوەی نەتەوەی کورد لە ژێردەستەیی و داگیرکەران رِزگاریان ببێت، چونکە هەرچەند برسی بیت یا تێروپرِ، هەژار بیت یا دەوڵەمەند، پێشکەوتوویی، هەموو ئەمانەنرخیان نیە بە بێ بوونی سەربەستی:

**چەند تێروپرِ بێ چەند جوان رابگری**

**وابــــــــزانە برسی لە برسان ئەمری**

**مـــــــادام بێ خاکی و خاکت ژێر پێ یە**

**پێت ئەلێن مردوو چەند خۆت دوور بگری .** ( دەستوری ژیان ، بەرگی دووەم ، ل: ٩٦ )

هەروەها دەڵێت:

**لە پێش هەموو شتێ ئازادی بکــرە**

**لە پێناو ژیانی ئازادی بمــــــــــرە**

**کە سەر پشکت کەن لە ئازادی و ماڵ**

**ئازادیت بوێ ، ئـــــــــازادی بگرە** ( دەستوری ژیان ، بەرگی یەکەم، ل: ٤٢٢)

بەلای شاعیرەوە ئازادی بۆ مرۆڤ لە هەموو شتێ گرنگترە، چونکە دەبێتە هۆی خۆشبەختی و بەدیهاتنی خواستەکانیان، هەروەك مردن لە پێناوی نیشتیمان سەربەرزی بۆ مرۆڤ دەهێنێت، هەروەك دەڵێت :

**گیانێ لە رِێی هۆز ئـــــازار نەبینێ**

**بە خاوی دانی خاویش نانـــــوێنی**

**ئەوەی لە پێناو هـــــۆزی کوژرابێ**

**پێی مەلێن مردوو ، گولزار ئەچێنێ** ( دەستوری ژیان، بەرگی دووەم، ل: ٣٠)

مردن لە رِێی خاك و نیشتیمان سەربەرزی بۆ مرۆڤ دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی نەتەوەیەکی سەربەخۆ و گەلێکی ئازاد، زامنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکات، ئەم دەوڵەتەش پێویستی بە حوکمرِانی و دەسەلاتێك و بەرپرسێکی دادپەروەر و خەمخۆری گەل و میللەت هەیە، کە (مەنگورِی) لە زۆر شوێن دا ئاماژەی بۆ کردووە، بەتایبەت لە" گەشتی ئەستێرەی مەریخ " دا خەون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و سەرۆکێکی دادپەروەر و



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

حوکمڕانیەکی پێشکەوتوو دەبینێت، جا کاتێ باسی پەرلەمانی مەریخ دەکات بەراوردی دەکات بە کوردستان، هەروەك دەڵێت :

**ئەندامەکان حوکەما بوون          لە گشت عیلمێ شارەزابوون**

**وەك ئەندامی ئیمە نەبوون          لێیان ونبووبێ ڕێگای روون**

**بۆ سیاسەت پێویست کرابوون     دانا و نادان تێك خرا بوون** (گەشتی ئەستێرەی مەریخ، ل : ٤١)

لێرەدا پەیامێکی ناڕاستەوخۆ دەنێرێت بۆ سیاسیەکانی کوردستان بەوەی بە زۆر شتی بێ کەڵك خۆیان خەریك دەکەن و لە ئاست بەرپرسیاریەتی دانین، چونکە خەمی (مەنگوڕی) خەمی بوونی سەرکردەیەکی خەمخۆر و دڵسۆزە بۆ گەل و نیشتیمان، لە (دەستوری ژیان) دا بەمجۆرە پیشانمان دەدات :

**سەرکردەی هەرێم ئەگەر هەر بۆخۆی**

**کەوتە مەلوموش بە دەست و ئەژنۆی**

**ژێر دەست ناچارە سێ ڕێگا بگــــرێ**

**ئاژاوە و بەندی یا دووری لـــــە رووی** ( دەستوری ژیان ، بەرگی دووەم ، ١٣ )

**دووەم : هۆشیاری کۆمەڵایەتی :**

هەبوونی دواکەوتوویی و جیاوازی چینایەتی - ئاغا و دەرەبەگایەتی- لە کۆمەڵگای کوردی، هاوکات نەبوونی قوتابخانە و نەخوێندەواری و هەژاری و زۆری ڕێژەی ناڕۆشنبیری تاکەکان و هەمیشە وای لە وشاعیران و نووسەران کردووە  هەوڵ بدەن بۆ باسکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و لە مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگادا بیانچەسپێنن، تاك فێری ڕەوشتی جوان و ڕێزگرتن و ژیاری کۆمەڵایەتی بکەن، (مەنگوڕی)؛ لەبەرئەوەی خۆی قوربانی دەستی زۆرێك لەو دەردانە بووە؛ بۆیە لە بەشێکی هۆنراوەکانی دا ئاماژەی بۆ کردووە، لە بەشێك لە چوارینەکانی دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ، کە دەبێت تاك هۆشیار بێت و ئاگاداری نەفسی خۆی بێت،  هەروەك دەڵێ :

**ئـــەتۆ شتێکی وەکـــو فتبـۆڵ وای**

**بەدەست نەفسەوە لە عەرز و حەوای**

**نـــەفسی ئەتگێڕێ بەم لاو ئەو لادا**

**ئەتداتە بەر شەق خۆشت بێ ئاگای**       ( دەستوری ژیان ، بەرگی دووەم، ل: ١٥)

هەروەها  جەخت لە لەسەر چاکە و چاکە کردن دەکاتەوە؛ چونکە بەرهەم و ئەنجامێکی چاکی دەبێت و دەڵێ :

**تــۆ چی بچێنی ئەوەش شـــەن ئەکەی**

**لە ( تۆوی هەرزن ) هیوای برنج نەکەی**

**تـــــــۆ چیت کردووە بە پێی کردەوە**

**ئەبێ لە خەڵکی چــــــاوەڕێی شت کەی** ( دەستوری ژیان ، بەرگی دووەم ، ل: ٣٢٢)



e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**شاعیر لەچوارچێوەی پەندی (چی بچێنی ئەوە دەدووریتەوە) پەیامێکی ڕەوشتی ئاڕاستەی گەل دەکات، بەوەی مرۆڤ ئەنجامی کردەوەکانی خۆی وەردەگرێتەوە؛ هەر بۆیە داوای ئەوە دەکات مرۆڤ خوی باش بگرێ و واز لە ڕەوشتی خراپ بهێنێ .**

**ئـــــەوەی رەوشتی جوانیو ئادابە**

**تۆ خۆت ئەزانی چیە و چۆن دابە**

**چـارەی جوانی ناکرێ خۆی جوانە**

**بـــەڵام چارەی (خو) ئەکرێ ئازابە** ( دەستوری ژیان، بەرگی یەکەم ، ل : ٥٥٨ )

**بەلای شاعیرەوە جوانی هەر جوانی ڕوخسار نیە، بەڵکو جوانی ناخ و ڕەوشتی جوانیشی لەگەڵدایە و هەردووکیان تەواوکەری یەکترین، مرۆڤ دەتوانێت لە هەر قۆناغێکدا بێت ڕەوشتی خۆی جوان و چاك بكات، بەمەرجێك بیەوێت و هەوڵی بۆ بدات.**

**مرۆڤ ڕەوشتی خۆی چۆن جوان بێت بە هەمان شێوە دەبێت لەگەڵ کەسانی بەرامبەریشی ڕەوشتی باش بێت و جێگای بایەخ پێدانی بێت؛ بۆیە ڕێزگرتن لە میوان وەك ئەرکێکی ئایینی و داب و نەریتێکی جوانی کوردەواری، لای (مەنگوڕی) جەختی لەسەر کراوەتەوە و دەڵێ:**

**لەسەر نان خواردن میوان تاو مەکە**

**بــە( شێرو رێوی) لیچی خاو مــەکە**

**کاری وامــــــەکە مــیوان دلگیر بێ**

**بەڵام فیشاڵی ئەو رەچـاومـــــــەکە** ( دەستوری ژیان ، بەرگی یەکەم ، ل: ٤٦٢)

**لێرەدا ڕێزگرتن و ڕەوشتی جوان بنەمای مرۆڤ بوونە؛ چونکە جیاوازی مرۆڤ و گیاندار لە بوونی ڕەوشتی جوان و ویژدان دایە، هەروەك دەڵێ:**

**فەرق لە نێوان ئـــاژەڵ و عیســان**

**رەوشتی جوانە ئەی رۆڵـــەی لێزان**

**ئەو ئاژەڵەی وا بەقـــــــــۆچ لێزان**

**لەو پیاوە چاکترە کە نەی بێ ویجدان** ( دەستوری ژیان ، بەرگی یەکەم ، ل: ٢٨٢)

**لای شاعیر سەرچاوەی ڕەوشتی جوان بوونی ویژدانی مرۆڤانەیە، کە مرۆڤ لە ئاژەڵان جیا دەکاتەوە .**

**مەسەلەی ئافرەت یەکێکی تر لەو بابەتانەی (مەنگوڕی) جەختی لەسەر کردۆتەوە، ئەگەر سەرنجیش بدەین لە بەرهەمی ئەدەبیاتی هەموو جیهان، دەبینین زۆر لە نووسەرانی پیاو گرنگیان بە باری ژیانی ئافرەتان و وەسف و دەرخستنی جوانی و پیاهەڵدان بە بەژن وبالآیان دا هەڵداوە، هەروەها داکۆکی کردن لە خواستەکانی ئافرەتان بەشێکی تری شیعرەکانیان پێکدەهێنێت، لە ئەدەبیاتی کوردیش دا بەشێکی زۆری ئەو گرنگی پێدانە بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا (( زیاتر باسی خۆشەویستی و ئەڤینی و هەروەها دەرخستنی لایەنی جوانی بەژن وبالآ و ڕوخساری ژنە )) ( ئەڤین ئاسۆس، فیمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن،، ل:١٠٠)، بەڵام لە شیعری نوێ دا بە جۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە(( ئافرەت لە شیعری نوێ دا لەوە دەرچوو**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تەنها وێنەی دەرەوەی دیوی دەرەوەی بکێشرێت و مامەڵە لەگەڵ ڕوخساریدا بکرێت، بەڵکو شاعیری نوێ وەك مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و باسی گیروگرفتەکانی کردووە و شۆڕبۆتەوە ناخی ئافرەت و ئێش و ئازارەکانی پیشان داوە)). ( پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، ل: ٤٦٥) (مەنگوڕی)ش وەك شاعیرێکی نوێ و هاوسەردەمی خۆی هەستی بە ئازارەکانی ئافرەت کردووە و زۆرجار وەك بەرگریکارێك داوای سەربەستی بۆ ئافرەتان دەکات و داوای ئەوە دەکات جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێ دا نەکرێت، بۆ نموونە دەڵێ :

**بۆچی هەر ئەبێ کە پیاو نازدار بێ**

**ژنی بێ چارە بۆ هەر بەدکـــار بێ**

**فـــەرقی ژن و پیاو چیە بە پەیکەر**

**بۆ پیاو ئازادی بێ بۆ ژن ژێر باربێ (دەستوری ژیان: ب٢،ل:٥٧)**

(مەنگوڕی) وەك کەسێکی ڕۆشنبیری سەردەمەکەی ئاگاداری ڕەوشی ژنانە لە جیهاندا؛ بۆیە ئەمە زیاتر هانی داوە بۆ باسکردنی مەسەلەکە، لە یەکێك لە چوارینەکانی دا بەم جۆرە ئاماژەی پێدەکات :

**مافی ئافرەتان لە جیهان دا باوە**

**لە هەموو لایێ مافی ژیـان دراوە**

**ئەو خاکەی کەوا ژنی پاشکەوتووە**

**کۆمەڵی پەستو بـــــــەش خوراوە** ( دەستوری ژیان، بەرگی دووەم، ٥٥١)

شاعیر پێی وایە ژن و پیاو وەکو یەکن و یەك پەیکەرن بۆ دەبێ جیاوازی بکرێت لە نێوانیان، ژن هەمیشە خزمەتکاری پیاو بێت و بچەوسێنرێتەوە، کە ئەمەش گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگای کوردی یە.

**ئەو سەنگەرەی وا کچی تێ ئەخرێ**

**بەرامبەر دوژمن ئاگر هەڵئەگـــرێ**

**ئـــــەو کۆمەڵە زۆر لە پێشە بۆیە**

**کەوا کوڕو کچی وەکو یەك ئەفڕێ** ( دەستوری ژیان ، بەرگی دووەم ، ل: ٢٢٥)

لای شاعیر پێشکەوتنی کۆمەڵ بەندە بە یەکسانی هەردوو ڕەگەزەوە؛ بۆیە ئیش کردنی ئافرەت و هاوبەشی پێکردنی لە کاروباری ڕۆژانە کارێکی باشە، بەڵام لەسەر بنەمای مرۆڤ بوون، نەك چەوساندنەوە و بەکەم سەیرکردنی، هەروەك دەڵێ :

**بۆ ژن ئاژەڵە ئـــەتۆ لێ ئەخوڕی**

**دەوەنو تاشو بـــەردی پێ ئەبـــڕی**

**بەڵێ هاوڕێتە بۆ کـــارو فەرمـــــان**

**بەڵام تا حەدیك ویژدان هەڵ بگرێ** ( دەستوری ژیان ، بەرگی دووەم ، ل: ٢٦٥)

لێرەدا شاعیر وریایانە مامەڵە لەگەڵ مافەکانی ئافرەتان دەکات وەك ئەوەی هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، هەروەها زۆر جار باس لە ڕەوشت و پێگەی ئافرەت دەکات لە بنیاتنانی خێزانێکی بەختەوەر :



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**ژنی کـــە شاز بی رەوشت و رەوتی**

**هەرگیز غەم مەخۆ ئەگەر تێکەوتی**

**چـــۆن لـەگەڵتایە هێز و پشتیوان**

**ئـــــەم پشتوانـەت بەسە کە کەوتی** ( دەستوری ژیان، بەرگی دووەم، ل:١٤٣)

لە لایەکی تر پەیوەندی ژن لەگەڵ خێزان و ماڵە باوان هۆکارێکی ترە بۆ بەختەوەری، هەروەها خۆ بەکەم زانین و بێ فیزی وا لە ئافرەت دەکا، کە جێگای خۆی لای دەوروبەری بکاتەوە، هەروەك دەڵێ:

**ژنی وا بێنە کە خۆی بەکـــەمتر**

**دابنێ لە جێگاو رەوشتی یـــەکتر**

**کە ژن بەسەرتا کردی لوت بەرزی**

**تـــــــامی نامێنێ لەشت ئەکا سڕ** ( دەستوری ژیان، بەرگی یەکەم، ل: ١١٢)

بەو پێیە ژنی لووت بەرزی ڕەوشتێکی ناشیرینە و مرۆڤ بچووك دەکاتەوە، هەروەها ژیانی خێزانیش تێك دەدات.

دیاردەیەکی تری باوی ناو کۆمەڵگا پەیوەندی نێوان بووك و خەسووە، شاعیر هەوڵدەدات پەیوەندی نێوانیان لەسەربنەمای ڕێز و خۆشەویستی بێت، هەروەك دەڵێت :

**ئینسان هەر هێندە فێری شتێ بوو**

**تا تەرکی ئەکا پێ ی ئەبێ ماندوو**

**جا تکام وایە لە شتی نـــاپەسەند**

**خۆتان دور بگرن ئەی بوکو خەسو** ( دەستوری ژیان ، بەرگی یەکەم ، ل: ٣٧٨)

بابەتێکی تر لە بابەتانەی (مەنگوڕی) لای لێ کردۆتەوە و بایەخی پێداوە، مەسەلەی هاوسەرگیریە، کە زیاتر نەریتی بووە و کەمتر پەیوەست بووە بەپەیوەندی خۆشەویستی و ڕەزامەندی نێوان کوڕ و کچ؛ بۆیە زیاتر بە زۆرەملێ بووە یا شیربایی و گەورە بە بچووك بووە، ئەم دیاریدانەش لای (مەنگوڕی) ڕەنگی داوەتەوە :

**چ تۆ ژن بشێلی چ ژن تۆ بشێلی**

**پێشکەوتن بەوە نابـا بە خێلی**

**بەڵام ئەو ئیشە یەك جار ستەمە**

**پیری و لە باخـــەڵ ژنی جحێلی** (دەستوری ژیان ، بەرگی دووەم، ل: ٥٠٢)

یەکێك لە ستەمانەی زۆر جار لە ئافرەت دەکرێ ئەوەیە شو بەپیاوێك دەکات زۆر لە خۆی گەورەتر بێت؛ کە زۆرجار ئاکامی خراپی دەبێت چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی هەمەجۆری بەداوە دێت؛ هەربۆیە لای (مەنگوڕی) هەوڵدان بۆ یەکسانی ئافرەت و هاوکاری کردنی لە ژیانی ڕۆژانە و دان نان بە مافەڕەواکانی و ڕەوشت جوانی ئافرەت، هۆکارێکی سەرەکین بۆ بەختەوەری خێزان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا .

**سێیەم : هۆشیاری خوێندن و زانست :**

بابەتێکی تر، کە لەشیعرەکانی مەنگوڕی دا هەستی پێدەکرێت،ڕۆشنبیری گشتی یە، بە تایبەت لە بواری ئەدەبیات و گرنگی دان بە خوێندن و خوێندەواری و ڕۆژنامەگەری؛ چونکە هەریەك لەمانە بنەمای پێشکەوتنی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کۆمەڵگای کوردین، شاعیر لە یەکێ لە چوارینەکانی دا زانست و ڕەوشت پێکەوە گرێ دەدات و پێی وایە هەردوکیان تە واوکەری یەکترین و دەڵێ:

**زانست چارەی خیانەت ناکـــــا**

**رەوشت تیماری ئەو دەردە ئەکـــــا**

**سەرچاوەی رەوشت ئەوەڵ ویژدانە**

**کە زەمیر نەبوو زانست کـــار ناکا** ( دەستوری ژیان ، بەرگی یەکەم ، ل: ٥١)

لێرەدا سەرچاوەی دروستی کاروکردەوەی چاك پەیوەست نیە بە تەنیا لایەنێکی ژیان بەڵکو رەوشتی جوان و بەدوا چوونی زانست پێکەوە دەبنە بناغەی سەرکەوتن . زۆرجاریش پێشکەوتن لەلای گەلان هۆکارێکە بۆ بەختەوەری بەڵام لای میللەتی کورد دۆزینەوەی شتی تازە و داهێنانی نوێ نەبوونەتە هۆکارێك بۆ بەختەوەری مرۆڤ؛ بۆیە بەگومانەوە لێی دەڕوانێت و دەڵێ :

**ئەڵێن ئەستێرەی کلکـدار هەیە**

**لەبێ کلکەکان بـــــاشتر ئەوەیە**

**لەهیچ بێکلکی سودمـان نەدیوە**

**جا بزانین ئەویان چی بەدەمەوەیە** ( دەستوری ژیان، بەرگی دووەم ، ل: ٦٤١)

شاعیر زۆر بە گرنگی باس لە خوێندنەوە و نووسینی وتار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە دەکات و هانی گەنجانی دەدات بۆن وسین و بەرهەمداری بە باشترین سەرمایەی دەزانێت و دەڵێ:

**ئەگەر دووسەد ساڵ گەنج و جەوان بی**

**شەو و رۆژ لەگەڵ خۆشی جیهـــان بی**

**ئەوە ناهێنێ لە رۆژنامـــــــــەی رۆژ**

**خاوەن وتـــــــــار و ناوونیشان بی** ( دەستوری ژیان ، بەرگی دووەم،٩٨)

لە لایەکی تر (مەنگوڕی) کاتێك باس لە ئەدەبیات دەکات پێی وایەئەدەب دەبێت بەجۆرێك بنووسرێت، کە بۆ هەموو سەردەمێك بشێت و بە زمانێك بنووسرێت، کە هەموو کەس تێی بگات :

**ئەدەب ئەوەیە بە زمانی حاڵ بێ**

**بابەتی پیاو و ژنو منـــــــاڵ بێ**

**هەزار رموز و شیعری پڕ لـــە سڕ**

**قوربانی پیتی سادەی بێ خاڵ بێ** (دەستوری ژیان، ل:٣٠٠)

لێرەدا شاعیر باس لەوە دەکات شیعر بەزمانێکی سادە بنوسرێت و دوور بێت لە ڕەمز و وشەی شاراوە؛ بۆئەوەی خوێنەر ماندوو نەکات، ئەمەش زیاتر مەبەستی نووسینە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ نەك تەنیا دەستەبژێرێك، جگە لەوەش، چونکە خۆی ئاوڕی لە کێشە و گرفتی هەموو تاکێك داوەتەوە.

شاعیر نووسەران بە هەڵگری مەشخەڵی شۆڕش دەزانێت لەناو کۆمەڵگادا؛ بۆیە بەو شێوەیە دەدوێت:

**نووسەر چرایە لەپێش شۆرشیشدا**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**ئەروا و بلێسەی روناك دەرئـــــەدا**

**ئەوەی ئەیەوێ ئەو تیشکە کپ کـــا**

**گورگە لە پێست و لەشی بەشـــــەردا** ( دەستوری ژیان ، بەرگی دووەم ، ل: ٣٩٥)

**هۆکاری ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە؛ چونکە شاعیر خۆی دەستی نووسینی هەبووە لە چەندین بواری جیاوازدا و هەمیشە هەوڵی داوە نووسینەکانی لە خزمەتی کۆمەڵگاو گەلە ستەمدیدەکەی بێت.**

## ئـــــەنجـــام

**ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە بریتیین لە:**

**١- میرزا مەنگوڕی ئەرکی بە پێویست زانیوە لە شیعردا؛ بۆیە زیاتر بایەخی بەلایەنی ناوەڕۆك و پەیامەکانی داوە لە دەقەکانیدا.**

**٢- وێستگەی جیاواز و دەردەسەری و ئەزموونە هەمەجۆرەکانی ژیان هۆکارێکی سەرەکی بوون؛ بۆئەوەی مەنگوڕی شیعری پەروەردەیی و هۆشیاری بنووسێت.**

**٣- پەروەردە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی مەنگوڕی زۆر بە بایەخەوە ئاوڕی لێداوەتەوە.**

**٤- لە ڕووی چەندێتییەوە، هۆشیاری ڕووبەرێکی زۆر فراوانی لە بەرهەمە شیعرییەکانی مەنگوڕی بەبەرخۆیدا بڕیوە، بە تایبەتیش لە کتێبی( دەستوری ژیان) بە هەردوو بەرگەکانییەوە.**

**٥- هۆشیاری سیاسی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی بە چەندین جۆریانەوە، لە شیعرەکانی شاعیر ئامادەییەکی بەرچاوییان هەیە.**

**٦- هۆشیاری بەرامبەر ئافرەت وەك پێکهاتێکی گرنگی کۆمەڵگا لای شاعیر زۆر دەبینرێت.**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان


**یەکەم: بە کوردی**

**أ- کتێب:**

١- ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم،دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧.

٢- ئەرەستۆ، هونەری شیعر(شیعرناسی)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی عەزیز گەردی، چاپخانە ڕەنج، سلێمانی،٢٠٠٤.

٣- د. پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٤- د. عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد، ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەوروپی – کوردی، سلێمانی، ٢٠١١.

٥- د. هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٧.

٦- د.کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٧- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، چ٢، ١٩٧١.

٨- مهاباد ئازاد محەمەد، وێنەی ڕۆشنبیر لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی دا، سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

٩- میرزا مەنگوڕی، دەستوری ژیان، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٩.

١٠- میرزا مەنگوڕی، دەستوری ژیان، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، ٢٠٠٩.

١١-میرزا محمدامین مەنگۆڕی، گەشتی ئەستێرەی مەریخ، سەنتەری ڕۆشنبیری میرزا مەنگوڕی، سلێمانی، چاپی سێیەم، ٢٠١٢.

١٢-نەسرین رەئوف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا ساڵانی(١٩٢٠ – ١٩٥٨)، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.

**ب- گۆڤار**

١- پەیام((رسالە))ی وێژەوانی کورد، محەرەم محمد امین، گ. هەتاو، ژ: ٩٥، ساڵی:٣، ٣٠ نیسانی ١٩٥٧.

٢- بۆتان جەلال، لە بارەی شیعرەوە، گۆڤاری هەنار، ژ.(٥٨).

**ت- نامەی زانکۆیی**

١- ئەڤین ئاسۆس حەمە، فیمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

٢- هیوا عەزیز سەعید، ڕۆشنبیر و ئاڕاستەپێدانی فیکر(توێژینەوەیەك لە مێژووی فیکری هاوچەرخی باشوری کوردستان (گۆڤاری ڕەهەند وەك نموونە)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٢.

**پ- ڕۆژنامە**

١- میرزا مەنگوڕی(قەڵەمێکی ئازا) ڕۆژنامە، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ژ.(٤١)،٢٠٠٦.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**دووەم: بە عەرەبی**

**أ- کتێب**

١- أفلاطون، الجمهورية، ت: د.فؤاد زكريا، دارالكتب العربي للطباعة و النشر، القاهرة، ١٩٦٨.

٢- د. عزالدين اسماعيل طه، الادب وفنونه، دار الفكر، القاهره، ٢٠١٣.

٣- محمد جلوب فرحان، دراسات في فلسفة التربية، وزارة التعليم العالي،الموصل،١٩٨٩.

**ب- گۆڤار**

١–وظيفة الشعر عند النقاد العربى القدامى، د. فضل الله، مجلة القسم العربى، جامعة بنجاب – باكستان، عدد 28، ٢٠١١.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ملخص البحث

## انعكاس البعد التربوي والتوعوي في أشعار (ميرزا منطوري)

إنّ الأدب - علاوة على المتعة الناتجة عن سبك كلماته وأبعاده الجمالية- غالبا ما يحمل في طياته رسالةً و واجبا راقياً و مهماً، تؤثر بصورة مباشرة في فكر وذهن القارئ بل وتنير دربه.

والشعر كعنصر أدبي رغم أنه يملك لغة كثيفة وعاطفية ونبضا ولحنا خاصا، يحتوي في المضمون على مهام عديدة في الابعاد المختلفة.

و الشعراء الكورد-إدراكا منهم بتخلف و انعدام الوعي و ضيق التفكير لدى المجتمع الكوردي- قاموا بدور الرائد و المنجد وأرادوا أن يكونوا مركزا للتبليغ و شعلةً للتنوير، و أن يضعوا أيديهم على بعض جوانب الجهل و الظلام في المجتمع. لهذا انطلقت هذه الدراسة من هذه النقطة وهي أنّ (ميرزا منطوري) كشاعر كوردى و في (منطقه پشدر وبتوين)، حاول و من خلال رؤيته الخاصة أن يوصِل أفكاره التربوية إلى المخاطَب عن طريق حبك نصوصه، و لذا البعد التوعوي و التربوي في أشعاره واضحة و بارزة.

وعليه تمّ تقسيم الدراسة على مبحثين:

المبحث الأول: خَصّص لمهام الأدب والشعر، و المهام في شعر الشاعر.

المبحث الثاني: تمّ عرض المبادئ التربوي و التوعوية الموجودة في نصوص (ميرزا منگورى).

و في نهاية الدراسة تم تحديد بعض النتائج.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

Literature despite of its joy which it has, as a result of knitting sentences together and aesthetic dimensions, mostly in content it holds message and great duty and will have influence on ideology and thought of readers directly, which brightens the path.

Poetry as genre of literature in spite of it owns complex language, beat and special tone, at the core includes multiple dimensional functions.

Kurdish poets, through realizing of unawareness and lack of education and narrow-mindedness of Kurdish community, as pioneers and saviours, they always wanted to be podium of media and porch of light as well, they also wanted to highlight several unknown sides and darkness of society. so, that is why this research stemmed from this regard (Mirza Mangury) as a Kurdish poet (area of Pishdar and Bitwen), he tried to convey several educational ideologies by means of knitting his contexts to the readers, so, in his poetries dimensional awareness and education are existed. For this purpose the research is divided over two sections:

First section: it is specialized in duty of literature and poetry and duty in poetries of poet.

Second section: by example of poetry, concept of education and awareness have been shown, which they are existed in contexts of Mirza Mangury.

Finally, through several points, the results of the research have been shown.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)